سەرۆکوەزیرانی سۆمال داوای پاڵپشتی گەلەکەی دەکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی چەکدارەکانی سەربە داعش

سەرۆک وەزیرانی سۆماڵ، حەمزە عەبدی بەری رایگەیاند، کە وڵاتەکەی لە شەڕێکی یەکلاکەرەوەدایە لە دژی چەتەکانی ئەلشەباب و داعش کە دژایەتی ئاشتی و گەشەپێدان دەکەن و ئاماژەی بەوەدا کە شەڕی دژی تیرۆریستان بەردەوام دەبێت تا ئەو کاتەی تیرۆریستان لەناودەبرێن.

ئاژانسی هەواڵی وڵاتی سۆماڵ SONA، لە لێدوانێکی سەرۆک وەزیرانی سۆماڵ بڵاویکردەوە، پلانی ئێمە تەنها بۆ دەرکردنی تیرۆریستان لە خاکەکەمان سنووردار نییە بەڵکو بۆ لەناوبردنیان بەتەواوی درێژ دەبێتەوە، چونکە سۆماڵ تا ئەو کاتەی هەڕەشە لە ناوچەکە دروست دەکات، پێشکەوتنی خوازراوی خۆی بەدەست ناهێنێت، بۆیە پێویستە هەموومان یەکگرتوو بین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان.